# کاردانەوەی گرووپە شیعەکان بەرامبەر جووڵە سەربازییەکانی ئەمریکا

30-08-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە** : ئەلینا رۆمانۆوسکی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، سنوورێکی بۆ دەنگۆ و مقۆمقۆکانی شەقامی عێراقی دانا و رایگەیاند کە ئەوەی لەبارەی جووڵەی سەربازانی ئەمریکاوە هەیە لەلایەك جێگۆڕکێی ئاسایی هێزەکانە، لەلاکەی دیکە هیچ پەیوەندییەکی بە نێوخۆی عێراقەوە نییە. نەك هەر ئەوە، رۆمانۆوسکی ژنە بەهێزەکەی ئەمریکا لە عێراق، جەختی لەوەش کردەوە "واشنتن مکوڕە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە هاوبەشەکانی لەگەڵ بەغدا". هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا یەکێك لە فەرماندەکانی حەشد کە وەعد قەدۆیە و فەرماندەی لیوای 30یە ئەوەی درکاند کە ئەمریکییەکان لە واشنتۆن بەڕوونی بە شاندی سەربازیی عێراقییان گوتووە کە نیازیان هەیە سنووری عێراق لەگەڵ سووریا کۆنترۆڵ بکەن و بۆ ئەمەش 2500 سەرباز دەگۆڕن بە چەکدارانی "پاسەوانی نیشتمانی" ویلایەتی ئۆهایۆ، بەم پێیەش جموجووڵەکە بە ئاگاداری پێشوەختەیە و ئامانجەکەی لە دەرەوەی عێراقە.

ماوەی چەند رۆژێکە جووڵە سەربازییەکانی ئەم دواییەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، باسی گەرمی شەقام و سۆشیالمیدیا و جێگەی دڵەخورتێی لایەنە شیعییە حوکمڕانەکانی عێراقیشە. بەشێك لە عێراقییەکان بەتایبەت ئەوانەی ناڕازی یان نەیاری ئەم پرۆسە سیاسییەی ئێستان، هیوایان لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو کە ئەو جووڵەیە سەرەتای کۆتایی ئەم دۆخە حوکمڕانییە بێت کە لەسەر بنەمای بەخشینەوە و پشك پشکێنەی تایفی و حیزبی و گەندەڵییەکی بەهێزتر لە یاسا و سیستەم دانراوە، بەڵام دیوە شاراوەکانی جموجووڵەکە ئەوە دەردەخەن کە شەقامی عێراقی جگە لەوەی زۆرجار گرێدراوی "تیۆری پلان" ـە، هێشتاش وەها تەماشای ئەمریکا دەکات کە هێزێکی خێرخوازە و کاری ئەوەیە ئەو رژێمانە بڕوخێنێت کە بۆ گەلەکانیان خراپن، وەک ئەوەی لە 2003، لە دژی سەدام حسێن کردی. بێگومان هەڵمەتی بەهێزی پڕوپاگەندەش لەمەدا رۆڵی هەیە.

ئەلینا رۆمانۆوسکی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، سنوورێکی بۆ دەنگۆ و مقۆمقۆکانی شەقامی عێراقی دانا و [رایگەیاند](#) کە ئەوەی لەبارەی جووڵەی سەربازانی ئەمریکاوە هەیە لەلایەك جێگۆڕکێی ئاسایی هێزەکانە، لەلاکەی دیکە هیچ پەیوەندییەکی بە نێوخۆی عێراقەوە نییە. نەك هەر ئەوە، رۆمانۆوسکی ژنە بەهێزەکەی ئەمریکا لە عێراق، جەختی لەوەش کردەوە "واشنتن مکوڕە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە هاوبەشەکانی لەگەڵ بەغدا". هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا یەکێك لە فەرماندەکانی حەشد کە وەعد قەدۆیە و فەرماندەی لیوای 30یە [ئەوەی درکاند](#) کە ئەمریکییەکان لە واشنتۆن بەڕوونی بە شاندی سەربازیی عێراقییان گوتووە کە نیازیان هەیە سنووری عێراق لەگەڵ سووریا کۆنترۆڵ بکەن و بۆ ئەمەش 2500 سەرباز دەگۆڕن بە چەکدارانی "پاسەوانی نیشتمانی" ویلایەتی ئۆهایۆ، بەم پێیەش جموجووڵەکە بە ئاگاداری پێشوەختەیە و ئامانجەکەی لە دەرەوەی عێراقە.

ئەگەرچی ئامانجە راگەیەنراوەکەش سوریایە، بەڵام دوور نییە لێکەوتەی جموجووڵەکە لەسەر عێراق و ئاسایشی ناوخۆیشی دەرکەوێت، چونکە لەمپەر درووستکردن بۆ رێگای تاران _ دیمەشق و چاودێریکردنی زیاتری کە یەکێکە لە ئامانجەکانی پرۆژەکە، پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، بەو پێیەی بە عێراقدا گوزەر دەکات. هەروەها وێستگەکانی پاراستنیشی لە دەستی هەندێك گرووپی چەکداری شیعەدایە کە فەرمان لە تارانەوە وەردەگرن. جگە لەم ئامانجەش پێدەچێت ئەمریکا بەتوترکردنی ئاسایشی ئیسرائیل و گەمارۆدانی زیاتری رژێمی ئەسەدی لە سوریا مەبەست بێت بەتایبەت کە بەم دواییە چەند هەنگاوێك لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی چووەتە پێشەوە. دەسەڵاتدارانی تارانیش بەڕوونی ئەم پێشهاتانەیان خوێندوەتەوە و ئەوەتا [لەڕێگای وەزارەتی دەرەوەوە](#)ی ئێرانەوە جگە لە راگەیاندنی دژایەتی بۆ جووڵە و بڵاوەپێکردنی ئەمریکییەکان، هانی حکومەتی عێراقیش دەدەن قبوڵی نەکات. هەر لەم کاتەشدا گوشارەکانیان تووند کردووەتەوە بۆ ئەوەی عێراق بەپەلە هێزە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان چەك بکات و بەر لە 19ی سێپتەمبەر/ ئەیلولی 2023 بیانخاتە ناو کەمپی تایبەتەوە.

جووڵەکانی ئەمریکا لە بەری عێراقەوە هاوکاتن لەگەڵ خرۆشانێکی نوێ لە ناوخۆی سووریا و لە بەشی باشوورەکەی بەتایبەت کە ناونیشانە سەرەکییەکەی رەتکردنەوەی هەڵگرتنی کۆمەکە لەسەر سووتەمەنی و نارەزایی دەربڕینە لە دژی گرانی و بۆ باشکردنی بژێوی خەڵکە، بەڵام [هەندێك سەرچاوەی شیعی](#) ئەو خرۆشانە هاوشێوەیەی 2011 بە بەشێك لەو پلانە ئەمریکییە دەزانن کە ئامانجی دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنییە لەسەر شێوەی هەرێمێك یان ناوچەیەکی دابڕاو لە باشووری سوریا لەسەر شێوەی کانتۆنەکانی رۆژئاوا، بەم جۆرەش هەم رژێمی سوریا لە باکوور و باشورەوە گەمارۆ دەدرێت هەم عێراقیش دەبێتە هاوسنوری هەرێمێکی دیکەی سوری لە دەرەوەی رژێمی ئەسەد، ئەوەشی ئەم گومانانە زیاتر دەکات سەردانی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا (Centcom)، مایکل کوریلا بوو بۆ ناوچەکانی بندەستی ئۆپۆزسیۆنی سووریا بۆ سێیەم جار لەماوەی ئەمساڵدا بەتایبەت رۆژهەڵاتی فورات، لەم ناوچە کوردییەش چاوی بە فەرماندەکانی هەسەدە کەووتووە، جگە لە ئەویش [چەند کۆنگرێسمانێك](#) ناوچەکانی بندەستی ئۆپۆزسیۆنی سوریایان بەسەر کردووەتەوەتەوە و جارێکی دیکە سوریایان خستووەتە چەقی گرنگی پێدان لەکاتێکدا کە ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بڕیاری دابوو لە سووریا بکشێتەوە.

قەیس خەزعەلی، ئەمینداری عەسایب [پێیوایە](#) ئامانجی ئەمریکییەکان "دروستکردنی هەرێمێکی دیکەیە لەسەر سنووری عێراق"، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە سەرباری ئەم زانیارییانە لای گرووپە شیعەکان، هێشتا کاردانەوەکیان ساردە و هیچ لە ئاست قەبارەی پێشهاتەکە نییە چ لە ناو حەشدی شەعبی چ ئەوانەیان راستەوخۆ سەر بە ئێرانن یان هاوپەیمان و نزیکن لە تارانەوە. لەکاتێکدا جگە لەوەی کە ئەوان خۆیان بە بەشێك لە "بەرەی موقاوەمە" دەزانن، لە سەرەتای 2020 بە توێزی بڕیارێکیان بە پەرلەمانی عێراق دەرکرد بۆ دەرکردنی هێزە سەربازییە بیانییەکان لە عێراق لە پێش هەموویانەوە هێزەکانی ئەمریکا. تاوەکو ئێستا ئەو گرووپانەی کاردانەوەیان هەبووە دژی جموجووڵە نوێیەکەی ئەمریکا تەنیا "بزووتنەوەی نوجەبا" و "کەتیبەکانی حیزبوڵڵان"، یەکەمیان لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسییە و [داوای بەرەنگاربوونەوەی جووڵەکانی ئەمریکا دەکات](#) و دووەمیشیان لە [راگەیەنراوەکەیدا](#) هەڵویستێکی روون و ئاشکرای وەهای دەرنەبڕیووە کە کرداری بەدوادا بێت و هەردووکیان زیاتر دەربڕینی ئینشاییان بەکارهێناوە.

بۆچوونێك هەیە پێیوایە کە سەرقاڵیی حەشد و گرووپە چەکدارەکانی شیعە بە حوکمڕانی و دابەشکردنی ئیمتیازاتی دەوڵەت، وایکردووە کەمتر بیر لە بەرەنگاری جووڵەی ئەمریکا بکەنەوە بەتایبەت کە دەرکەوت ئەمریکا دۆلاری عێراقی بەدەستە. لێکدانەوەیەکی دیکەش

بەدووری نازانێت بێدەنگییەکەیان بە پلان و بەرنامە و ڕێککەوتن بێت لە نێوان ئێران و ئەمریکا کە تائێستا جگە لە ئازادکردنی پارە بلۆککراوەکانی ئێران، ڕێککەوتنێکی ڕانەگەیەنراوی ناڕاستەوخۆی لەسەر هەناردەی نەوتی ئێران لێ ئاشکرا بووە. لەم نێوانەشدا ئەگەرێك هەیە کە ئەمریکییەکان لە ڕێگای حکومەتی عێراقەوە گرووپە شیعەکانیان ناچار بە بێدەنگی کردبێت بەتایبەت کە فەرماندەی لیوای 30ی حەشد ئەوەی درکاندووە کە ئەمریکییەکان داوای گرەنتییان کردووە کە گرووپە چەکدارەکانی شیعەی عێراق بەگشتی خۆیان بەدوور بگرن لەو جموجووڵە سەربازییەی کە ئامانجەکەی ئەودیوی شارۆچکەی قائیم و پارێزگای ئەنبارە.